

# مەرگەساتەکەی تاوەری قاردو

زاموا محەمەد
(سلێمانی)

(١)

لەگەڵ یەکەم باوێشکی بەیاندا، یەکەم منداڵی ئەو ڕۆژەیان برد تا لە نهۆمی پێنجەم بینێژن. کزەبایەکی فێنک، لەژێر ئاسمانی خەواڵووی ئەو بەیانییەدا، لەناو جریوەی باڵندە و تۆپەڵبوون و بڵاوبوونەوەی درەختەکان و هاتوچوونی مەڕوماڵاتدا، باوەشی بە بەژنە پێنج نهۆمییەکەی تاوەری قاردودا کردبوو، هەتاوێکی تەنکیش سەوزایی دەشتەکە و غەمگینیی بەردینی تاوەرەکەی لەناو فیقهی ڕەنگدا دەگێڕا بە بینین؛ وەک ئەوەی بەهار بە تۆنی هەرە بەرز خۆی بەناو جیهاندا بژەنێت.

لاشەی منداڵەکە، ڕاکشاو لەناو یەقینی کفنێکی سپیدا، لە ئامێزی گشکیمدا بوو، گشکیم کە لەپێش بەندای هاوکاریەوە بەو پلیکانە بەردینانەدا سەردەکەوت کە دەیبردنە نهۆمی دووەم؛ دەبوا لەوێشەوە، بە هەنگاونان بەسەر دوودڵییەکانی شوێندا بەرانبەر بە خۆی، کە لە فەرهەنگی شارستانیەتدا پێی دەگوترا قادرمە، سەربکەون تا نهۆمی پێنجەم، تا دوایین نهۆم، دوایین نهۆم کە دوا گۆڕستانی بازنەیی نەتەوەی کاردایە و درێژترین دەستی زەمینە بەرەو ئاسمان. نهۆمی چوارەم، یان بازنەی ناشتنی چوارەم، هاوشێوەی بازنەی سێیەم و دووەم، چیدی ناتوانێت بە پێدانی فەزا لە ناشتنی منداڵەکانیاندا خزمەت بە کاردا بکات، لە ناشتنی ئەو مەلۆتکە کاردایانەدا کە قوربانیی نەفرەتێکن بە ڕادەیەک دۆزەخی، کە نە لە عیلمی هەڵکۆڵراوە بزمارییەکانی کاردادا بوونی هەیە و نە لە زانینی نووسراوە حیبریەکانیشیاندا تۆمارە، تەنانەت نە لەسەر هیچ تاتەقوڕێکی پێشینانی کاردا ناوی هاتووە و نە لەسەر هیچ تاتەقوڕێکی پاشینانی کارداش ناوی دێت.

ئەم تاوەرە سەرتاپا بازنەییە، کە بەرهەمی یاخیبوونی کاردایە لە نادڵنیاییەکانی سابات و بێ گۆڕییەکانی

کۆچەرێتی، سەدەیەک لە ماڵیکردنی ئاندازیارانەی بەرد و جلەودانی ڕەقێتییەکەی بۆ بنیادنانی پێویست بووە. لە هەر لایەکییەوە، کاتێک بەناو درەختەکان و لەوەڕگەکان و کێڵگەکانی چواردەوریدا نیگاتی بۆ ڕەوانە دەکەیت، سەرنج ڕاستەوخۆ بناغە و قەدەکەی دەپەڕێنێت و هۆشیاریت بەرەو نووکە بەردینە زبرە تیژەکەی سەری سەرەوەی دەبات کە دوایین ئەمەکی ئەم نەوەیەیە بۆ دەست گەیشتن بە دنیای تاکایەتی و نەمری و پێوەرە ڕەقەکانی چاکە و خراپە و شەو و ڕۆژ لە مێژووی خودئاگاییاندا. لە خوار ئەم نووکەوە، نهۆمی پێنجەم هەیە (تاکە نهۆم کە لە بەتاڵی بۆ ناشتن خاڵی نەبووە)، لە ژێریشیدا نهۆمی چوارەم (کە وەک هەموو نهۆمەکانی تر کوێریی پەنجەرە و دەلاقەکانی خۆی ئاراستەی دەشتەکە کردووە)، خوارتریش نهۆمی سێیەمە (کە وەک چوارەم و دووەم چیدی منداڵی مردوو لەخۆ ناگرێت، چونکە پڕ بووە). لە پەنجەرەیەکی نهۆمی دووەمەوە گشکیم و بەندای دیاربوون کە دوایین پلیکانەکانی ئەو بازنەی ناشتنەیان دەبڕی تا بگەنە نهۆمی سێیەم و چوارەم و دواتر پێنجەم، تا لە پەیڕەوکردنی ئەو ڕێوشوێنەدا بەردەوام بن کە خەیاڵی ئەنجوومەنی باڵای حەکیمەکانی کاردا هەر لە سەرەتاوە لەبەردەم ئەم مەرگەساتەدا پێشنیاری کردبوو.

ئەگەر نیگات تەواو دابەزێنیت، نهۆمی یەکەم دەبینیت کە هەموو نەتەوەی کاردا، کە بەرهەمی جیابوونەوەی سێ خێڵە لە ئەمارەتێک، لەناویدا دەژین و هەریەکیان سەرقاڵی ئەوەیە کە خەیاڵ پێویستی، یان فرمانێک بەسەریدا سەپاندوویەتی: لەو پاسەوانانەوە کە تا دەخەون، چاوەچاوی نەزانراوێک دەکەن مەترسیدار، تا دەگات بەو هونەرمەندانەی کە شێوگی قوڕ و شێوگی کانزا لە پەیکەر و میدالیادا ملکەچی جەبەرووتی شێوەی سێ پاشاکەی کاردا دەکەن؛ هەر لەو حەکیمانەوە کە لە ئەنجوومەنێکدا و بەدەوری مێزێکی خڕدا خەیاڵ بۆ درککردنی واقیع تاوەدەدەن، تا دەگات بەو شاعیرانەی کە مەعقوولی زمان دەکشێنن تا ڕووبەری شکۆی سێ پاشا پیرۆزەکەی کاردا، ئاهورامان و بەهالدینان و زاموا؛ هەر لەو فەیلەسووفەوە کە شێواز لە ڕوانیندا بۆ دنیا پێشکەشی نەتەوەکەی دەکات، تا دەگات بەو حیکایەتبێژانەی یادەوەری و خەیاڵ و مێژوو وەک نوقوڵێکی شیرین دەخەنە زاری سێ پاشاکەیانەوە؛ هەر لەو فەلەکناسانەوە کە سەریان پڕە لە خۆر و مانگ و ئەستێرە، تا دەگات بەو خزمەتکارانەی ناچارن خەیاڵدانی سێ پاشاکەیان ببەنە گەرماو و وەک جەستەیان پاکوتەمیز ڕایبگرن؛ هەر لەو گەنج و جەوانانەوە کە پێش نەفرەتی منداڵ مردنەکە لەدایکبوون، تا دەگات بەو دایکانەی شینی ئەو ڕوحانە دەکەن کە تەمەنیان لە ئابلەمەیەکی بێبەری لە وردەکارییەکانی ئەزموون زیاتر نەبووە.

ئەگەر جیاوازییەک لەنێوان دیوی دەرەوەی دیواری نهۆمی یەکەم و نهۆمەکانی تردا هەبێت، ئەوەیە کە هی یەکەم سەراپا بە نەخشونیگار و گێڕانەوە ڕازێنراوەتەوە. لە بەری ڕۆژهەڵاتی تاوەرەکەوە، لەنێوان پەنجەرە و دەلاقە و هەڵکۆڵراوەکاندا، دەروازەیەکی بەردینی زەبەللاح هەیە. لەسەر دەروازە زەبەللاحەکە، لەلایەن هونەرمەندانی کارداوە، بە پشتبەستن بە تەنازولەکانی خەیاڵ بۆ یادەوەری کاتێک بەهۆی ماسوولکەوە خۆی بەرجەستە دەکات، تەواوی چیرۆکی جیابوونەوەی سێ بنەماڵەکە بە سێ پاشاکەیانەوە، تەواوی ماجەرای ڕاکردنیان و کۆچەرییبوونیان، پاشان نیشتەجێ بوونەوەیان، هەڵکۆڵراوە: لە ناوەڕاستدا و بە گەورەیی، شا ئاهورامان، لە ناوەنددا شا بەهالدینان و لە دەستەچەپ شا زاموا دەردەکەون کاتێک بە هەرسێکیان مەشخەڵێکیان هەڵگرتووە و بەرەوپێش ڕێ دەکەن، لەم لا و ئەولایانەوە ئەنجوومەنی حەکیمان، پاشان فەیلەسووفەکە و حیکایەتبێژەکان و شاعیرەکان، لە دوای ئەوانیشەوە هونەرمەندەکان و هەندێک لە پاسەوانان دیارن، لە دوای هەموو ئەوانیشەوە نەتەوەیەک بە هەموو خەون و هیواکانییەوە مارش دەکات، نەتەوەیەک ئومێدی پێش خۆی خستووە و ئازاری لەدڵدا ناشتووە و شوێن ڕابەرەکانی کەوتووە. کرانەوەی هاوکاتی لای ڕاست و لای چەپی دەروازە بەردینە زەبەللاحەکە هەڵکۆڵراوی شا (بەهالدینان)ی کرد بە دوو کەرتەوە، وێنەی شا بەهالدینان دابەشی لای ڕاست و لای چەپی دەروازەکە بوو و ڕیزێک خزمەتکاری پەلەپڕووز دەرپەڕینە دەرەوە، بەدواياندا سێ پاشاکە و چەند ئەندامێکی ئەنجوومەنی حەکیمان هاتن، کۆمەڵێک هونەرمەندیش بە هاتوهاوار و بانگکردنەوە دوایان کەوتبوون، کۆمەڵێک هونەرمەند کە بە ئومێدی پاداشتێک، یان دیارییەکەوە دەیانویست تازەترین داهێنانیان لە بەرجەستەکردنەوەی شکۆداری

پاشاکانیاندا لەڕێی ماڵی کردنی دەرکەوتنەکانی قوڕ و کانزاوە، نیشانی فەرمانڕەوایان، یان هیچ نەبێت حەکیمەکان بدەن. هەموویان بەرەو باخی شاهانە چوون کە جوانترین و ڕازاوەترین باخی ناوچەی چواردەوری تاوەری قاردو بوو، باخێک بوو ڕازاوە بە هەموو درەخت و گوڵ و میوەکانی ناو خەیاڵدانی سروشت، باخێک کە فەزایەکی هەبوو بەدەم جریوەی باڵندەکانەوە سەمای دەکرد؛ بەڵام هونەرمەند و شایەر و حیکایەتبێژەکان بۆیان نەبوو بێ پرس بچنە ناویەوە.

کاردا بۆ کشتوکاڵ، یان شوانی نەبێت، هەرگیز لە دەرەوەی تاوەرەکەیان نامێننەوە، بەڵام ئەو بەیانییە، جیاواز لە هەر بەیانییەکی تر، بەهۆی خاتیرەیەکی شا (بەهالدینان)ـەوە کە دواتر بووبووە فرمان، هەموو کۆبوونەوەکان و هەموو ڕێوشوێنە شاهانەییەکان گواسترابوونەوە دەرەوەی تاوەرەکە؛ هەموو دەربار، بە ڕێکەوتنێکی مەیلی سێ پاشاکە، گوێزرابووەوە ناو سەوزایی باخی شاهانەوە. لەوێ خوانێکی گەورە بە شەش کورسییەوە، سێیانیان بۆ شاکان و سێیانیان بۆ شاژنەکانیان، ئامادەکرابوو، هەروەها لە لای ڕاست و لای چەپی خوانی سەرەکیشەوە، دوو خوانی بچووک بۆ حەکیمەکان دانرابوون، حەکیمەکان لە ڕاگیرکردن و هێشتنەوەی مێژووی کاردادا کە دەستەی ڕاوێژکاری بوون. شاژنەکان و هەندێک لە حەکیمەکان دانیشتبوون کاتێک پاشاکان و چەند حەکیمەکەی تر و خزمەتکارەکان لە دەروازەی باخەکەوە دەرکەوتن، ئەوسا ڕێگە بە هونەرمەندەکان نەدرا بێنە ناوەوە. هەموو دانیشتوان هەڵسانە سەر پێ، سێ پاشاکە دانیشتن، بەدوایاندا سێ شاژنەکە، بە دوایاندا حەکیمەکان.

"بەیانی باش بووەتە بەیانی خراپ، شەوشاد بووەتە شەوناشاد. نەک خواردن و خواردنەوە، ئەو هەوایەش کە هەڵیدەمژین بە هەناومان تاڵە، لە ڕۆژگارێکدا کە نەتەوەکەم تووشی نەفرەتێک بووە ترسناکتر لەو نەفرەتانەی کە زۆر ترسناکن". شا بەهالدینان، لەناو کراسە سوورە تا سەرئەژنۆ درێژەکەیدا و بە زڕەی خشڵە زێڕینەکانییەوە وای گوت، کاتێک چاوی بەسەر خوانی ڕازاوە بە پەنیر و ماست و خورما و زەیتوون و هەنگوین و هەموو خواردنێکدا دەگێڕا کە لە یادگەی فراویندا هەبێت. "من لە (کۆردۆنێ)وە تا ئێرە ڕابەری نەتەوەکەمم نەکرد بۆ ئەوەی ئەم دەردەیان بەسەربێت"، شا زاموا، لەناو کراسە سەوزە تا سەرئەژنۆ درێژەکەیدا و بە زڕەی خشڵە زیوینەکانییەوە، بەم تەرزە ویستی درێژە بە سکاڵاکانی شا بەهالدینان بدات، بەڵام وەک هەموو جارێک گفتوگۆی نێوان سێ پاشاکە بە ئاقارێکی تردا ڕۆیشت. "ئەم نەتەوەیە هی هەرسێکمانە، جیاوازی لەنێوان هیچ کەسێکیاندا ناکەین، وەک چۆن جیاوازی لەنێوان ئەو درەختانەی سروشتدا ناکەین کە بەروبوومان دەدەنێ؛ بۆ پرسی زمان و گفتوگۆش کە ماوەی پێشوو لەگەڵ فەیلەسووفەکە و لەگەڵ حەکیمەکانماندا شوورامان کرد، من دەڵێم سێ خێڵەکەی نەتەوەکەمان سێ تەرزی جیا دەئاخڤێن، وەک چۆن باڵندەکان تەرزی جیا دەجریوێن، بەڵام هەموویان لەناو یەک سروشتدان، وا هێدی هێدی زمان و ژیانی هاوبەشیشیان دامەزراندووە."، شا ئاهورامان، لەناو کراسە سپییە تا سەرئەژنۆ درێژەکەیدا و بە زڕەی خشڵە برۆنزەکانییەوە، بەم تەرزە سەرزەنشتی هەردوو پاشاکەی تری کرد، بەڵام شا زاموا بە عەزمی جەنگاوەرێکەوە وەڵامی دایەوە: "چاوێک بەرانبەر چاوێک شا ئاهورامان، ئەی شاهی تەبعڕازاوە بە ڕاسپاردەکانی بیر و کردار و گوفتاری باش کە ئەبەدییانە بۆنی شنەی چیات لێ دێت، ئەمە حیکمەتی مەزنترینی پێشینانمانە کە هەم بە میرنشینەکانی جەسارەت ڕادەگەیشت و هەمیش دەستی لەناو باخەکانی دانایی و زانایییدا بوو؛ من تەنیا چاوێکم لە بەرانبەر چاوەکەی شا (بەهالدینان)دا داناوە". "ئەم باسەمان بێ ماناترینی ئەو باسانەیە کە زۆر بێ مانان"، شا بەهالدینان دەنکێک زەیتوونی خستە دەمییەوە و وای گوت. خۆی لەلای ڕاستەوە لەسەر عەرشێکی گەڕۆک دانیشتبوو، لە تەنیشتییەوە شاژنەکەی، لەتەنیشت ئەوانیشەوە شا زاموا و شاژنەکەی، ئەولاتریش شا ئاهورامان و شاژنەکەی. پاش قوتدانی زەیتوونەکە، چاوی بەسەر یەک بە یەکی حەکیمەکاندا گێڕا کە بەرانبەریان، بەسەر دوو مێزدا دابەش بووبوون، پاشان کەمێک بەرەو پێش چەمییەوە تا بتوانێت نیگای ئاراستەی شاژنەکەی خێڵی زاموا بکات، کە بەهۆی سکە پڕەکەیەوە نەیدەتوانی خۆی دەست بۆ خوانەکە درێژ بکات و خزمەتکارەکان ناچاربوون بەدەمییەوە بکەن. "خۆزگە دەکرا پیرۆزبایی بوون بە باوکت لێ بکەم شا زاموا، ئەی شاهی هەمیشە وێڵ بەدوای تێگەیشتنەوە لە هەموو شتێک. ئەوەتا ماوەی دە ساڵە، لەو سایەوە کە

(قاردو)مان بنیادناوه، تووشی ئەم نەفرەتە بووین کە دۆزەخیترینی ئەو نەفرەتانەیە کە زۆر دۆزەخین؛ خوداکانی سێ خێڵ کە بەهێزترینی ئەو خودایانەن کە زۆر بەهێزن، دەستبەردارمان بوون، بێبەش کراین لە مانەوە و وەچەخستنەوە، جەنابیشت هەفتەیەکە فەیلەسووفەکەمانت ڕاسپاردووە تا بۆت لە مانای وشەیەک بکۆڵێتەوە، نە ئەرکەکانی بەجێ دەهێنێت و نە دەردەکەوێت. چۆن منداڵێکی مردوو دەبینم لە هەناوی شاژنی پایەبڵندماندا، ئاوهاش دەبینم کە وشەکانت و ماناکانیان هەر هێندەی خوداکان یارمەتیمان دەدەن لەم میحنەتەدا"، ئەم گوتانەی شا بەهالدینان وەک گابەردێک هەڵدرانە دەریای دەروونی شا زامواوە و دەیان بازنەی دڕدۆنگییان بەسەر ڕووکەشەکەیەوە بەرپا کرد، بەڵام بەر لەوەی وەڵامێک بداتەوە، شا ئاهورامان خۆی هەڵقورتاند: "چییە شا بەهالدینان، ئەی شاهی هەمیشە خەمخۆر لە مانەوە و درێژبوونەوەی هەبوونی شکۆمەندیت، دەڵێی باوەڕت بە خودا نەماوە؟!"، ئەمجار شا زامواو، نەک شا بەهالدینان، شوێن ڕەجعی ئەو قسانە کەوت کە ئاراستەی ئەو نەکرابوون: "لە کاتی خۆشیدا پەنا بۆ خوداکان دەبرێت، بەڵام لە کاتی میحنەتی ڕاستەقینەدا تەنیا وشە هەیە پەنای بۆ ببرێت، وشە پێشینان و خودا و سروشتیشی لەخۆیدا هەڵگرتووە، دەبێت لەوەوە دەست پێ بکەین، بۆ ئەم مەسەلەیەش من فەیلەسووفەکەمانم ڕاسپاردووە". شا زامواو ئیستێکی کرد، بۆ ئەوەی قسەکانی تەواو بچەسپێن، نەک وەک مەودایەک بۆ دەرکەوتنی ڕا جیاوازەکان؛ پاشان فرمانی دا: "ئیمقوی فەیلەسووف بانگ بکەن، تا پێمان بڵێت ڕوح چییە".

(٢)

لاشەی منداڵەکە، ڕاکشاو لەناو یەقینی کفنێکی سپیدا، لە ئامێزی (گشکیم)دا بوو، گشکیم کە لەپێش بەندای هاوکارییەوە بەو پلیکانە بەردینانەدا سەردەکەوت کە دەیبردنە نهۆمی پێنجەم. بە هەنگاونان بەسەر دوودڵییەکانی شوێندا بەرانبەر بە خۆی، کە لە فەرهەنگی شارستانیەتدا پێی دەگوترا قادرمە، گەیشتنە دوایین بازنەی ناشتنی کاردا. دەبوا دەستوبرد بکەن، چونکە دە ساڵ بوو کاردا بەردەوام مەلۆتکەی مردوویان بۆ خستنەژێر گڵ هەبوو، ئەمە نە یەکەم و نە دوایین لاشەی بێ یادەوەری بوو کە تاهەتایە لەناو یادگەی خاکدا بنێژرێت، دەبوا خێرا ئەمیان بنێژن و بگەڕێنەوە بۆ هێنان و ناشتنی منداڵی تر. کۆی نهۆمەکە بریتی بوو لە گۆڕستانێکی بازنەیی گەورە، فراوان هێندەی ڕووبەری شارێک، بەڵام ئەو نهۆمە وەک ئەوانی خوارتری نەبوو، لەوێ شوێنی نزیک دەست دەکەوت بۆ ناشتن، بۆیە هێشتا ئەسپ و عەرەبانە پێویست نەبوو بۆ گەیشتن بە جێیە دوورەکانی ئەو گۆڕستانە. پاش گشکیم و بەندا، چەندان کەسی تریش گەیشتن بۆ ناشتنی منداڵ، هەندێکیان منداڵی خۆیانیان دەناشت، هەندێکیشیان، وەک گشکیم و بەندا، تەنیا کارمەندی ڕاسپێردراو بوون لە یارمەتیدانی باوانەکاندا بۆ ناشتنی منداڵەکانیان. پێویستیان بە بیرکردنەوە، یان گۆڕینەوەی بیروڕا سەبارەت بە چۆنێتی ناشتنەکە نەبوو، چونکە بە درێژایی ئەو دە ساڵە دۆزینەوەی شوێنی گونجاو و هەڵکەندن و داپۆشینەوەی گۆڕ بووبووە بەشێک لە ڕۆتینی کارکردنیان؛ گۆڕهەڵکەندن و منداڵ ناشتن، وەک هەر کارێکی تر لە چەشنی جووتیاری و شوانی و پاککردنەوە، بووبووە پیشەیەکی ئاسایی و ڕێزلێگیراو لە کۆمەڵگەی کاردابیدا. گشکیم، بە کفنەکەی ئامێزییەوە، لە جێیەکدا وەستا کە بە گونجاوی دەزانی بۆ ناشتن. لە چواردەوری ئەو جێیەدا، بە بڵاوی و لێرەو لەوێ، چەند منداڵێکی تریش نێژرابوون. لەناو تاوەرەکەدا تەنیا منداڵ دەنێژرا؛ هەر لە ساڵی یەکەمی نەفرەتەکەوە، پاش ئەوەی لەبەر زۆری منداڵە مردووەکان، تەواوی نهۆمی دووەمی قاردویان بۆ تەرخان کرا، کاتێکیش نهۆمەکە لە پڕبوون نزیک بووەوە، ئەنجوومەنی حەکیمان بڕیاریان دا تەواوی نهۆمەکانی سەرەوەش تەنیا بۆ ناشتنی منداڵ تەرخان بکرێن، (بەر لە تەواوبوونی تاوەرەکە، بڕیاربوو هەریەک لە سێ نەتەوەکەی کاردا، بە جیا لە سێ نهۆمی سەرەتای تاوەرەکەدا نیشتەجێ بکرێن، بەو پێیەی لە بنەڕەتدا زمان و نەریتی جیاوازیان هەبوو. دوو نهۆمی کۆتاش، دەبوا یەکیان بکرێت بە نشینگەی شاهانە و ئەوی تریشیان بە نهۆمی تایبەتی ئەنجوومەن و دەستە ڕامیارییەکانی شاهی؛ بەڵام قەدەر هەموو ئەمانەی شێواند، قەدەر کۆی کاردای لە نهۆمی یەکەمدا نیشتەجێ کرد، قەدەر زمان و نەریتێکی یەکگرتوو و گشتگیری بەسەر کاردادا سەپاند و هەموو نهۆمەکانی تری کردە گۆڕخانە). مردووی گەورە کە لەچاو منداڵاندا زۆر کەم بوون، جا مەرگیان بە هەر هۆکارێک بێت، لە دەشتەکەی

ڕۆژئاوای تاوەری (قاردو)وەوە گۆڕستانێکیان بۆ پێکهێنرابوو. بەندا، بێ ئەوەی کەس داوای لێ بکات، یەکێکی لەو خاکەنازانە هەڵگرت کە بە هەموو ڕووبەری نهۆمی پێنجەمدا بڵاوکرابوونەوە و لەو جێیەدا کە گشکیم هەڵیبژاردبوو، دەستی کرد بە هەڵکەندن.

"نە لە مێژووی سەرزەمینی نێوان دوو ڕووبارە پیرۆزەکەدا، نە لە مێژووی چوارڕێیانی جیهانیشدا، شتی وا نەبووە و باس نەکراوە. سەیرە! بیرمە زۆربەمان گەنج و هەندێکیشمان منداڵ بووین، لە کوردۆنێ جیابووینەوە تا خۆشتر بژین، ئەم دەشتەمان کرد بە نیشتیمان و قاردو بە ماڵ، کەچی وا ئێستا نیشتمان و ماڵ لە گۆڕستانێک زیاتر نین؛ دەزانم کە دایکان و باوکانی کاردا خۆڕاگرن، خەمی ئەوانم نییە، بەڵام شەوانە هەست بە میچەکەی سەرمانەوە دەکەم کە خولەک دوای خولەک لە دارمان نزیک دەبێتەوە، ئەم تاوەرە بەرگەی ئەم هەموو ناشتنە ناگرێت، بەرگەی ئەم هەموو کون و چاڵە ناگرێت، ڕۆژێک بە بەرد و گڵ و لاشەکانی ناویەوە بەسەر هەمووماندا دەڕووخێت"، گشکیم، وای گوت و نیگای لە دەست و خاکەنازی بەنداوە بەرەو کپیی گۆڕستانەکە ئاراستە کرد، دواتر بەردەوام بوو: "بڵێیت ئەم ئاگری نەفرەتە کەی خامۆش ببێت؟"، پاشان وردتر لە گۆڕە پەرشوبڵاوەکان و لە گڵ و تەپۆڵکە و لە خاکەنازەکانی ئەو ناوە ڕاما، وەک ئەوەی چاوەڕێی مەلۆتکە نێژراوەکان بێت تا وەڵامی بدەنەوە. بەندا، کە خاکەنازکاری بێ وچان لەناو گڵە شێدارەکەدا شەکەتی کردبوو، بە هەناسەبڕکێوە خاکەنازەکەی فڕێدایە سەر زەوی و بەژنی، کە بۆ هەڵکەندن چەماندبوویەوە، ڕاست کردەوە؛ سەیرێکی (گشکیم)ی کرد، کەمێک نیگای بەسەر جلوبەرگە سەرتاپا ڕەشەکەیەوە جێگیر کرد، پاشان وەک ئەو، ئەمیش نیگای ئاراستەی ئەو خامۆشییە فراوانە کرد و گوتی: "بە درێژایی ئەم دە ساڵە، گەورەم، یەک پرسیار بە زەینمدا دێت و دەچێت؛ بە مردن و ناشتنی منداڵەکان ڕاهاتووم، دواتر خۆ نە من و نە تۆش خێزاندار نین تا خەمی زارۆکی خۆمان بخۆین، بەڵام پاش پیربوونی ئێمە، پاش مردنی ئێمە، کێ بێت و بماننێژێت؟ لەکوێدا گۆڕەکانی خۆمان هەڵبکەنین؟ کوا نەوەی پاش ئێمە کە دەماننێژێت؟"، بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامێک بێت، دەستی دایەوە خاکەنازەکەی و خۆی بەسەر ئەو نزماییەدا چەماندەوە کە هێندەی نەمابوو ببێتە چاڵ، پاشان دەستی بە هەڵکەندن کردەوە، خشە و خڕەی گڵ و خاکەنازەکەی کەوتنە ناو جەنگێکی دۆڕاوەوە لەگەڵ کپیی کوشندەی گۆڕستانەکەی نهۆمی پێنجدا. "پێتوایە ئیمقوی فەیلەسووف لەڕێی بیرکردنەوەوە لە خەونەکەی شا زاموا، ڕێگەچارەیەک بدۆزێتەوە و سەربکەوێت؟"، گشکیم، بە جلوبەرگە ڕەشەکەیەوە کە دە ساڵ ناشتن کاڵ و مەلوولی کردبوو، بە منداڵی مردووی ناو کفنە سپییەکەی ئامێزییەوە، پرسی. "بۆ من گرنگ نییە گەورەم، ئەوەی بەلامەوە گرنگە، تەنیا ئەوەیە کە بزانم کێ دەمنێژێت و لە کوێدا دەمنێژێت"، بەندا وەڵامی دایەوە. "بەندا، تۆ هەر لەوساوە کە هەرزەکارێک بوویت، لەوساوە کە تا ئێستا دەکاتە دە ساڵ، گۆڕ هەڵدەکەنیت، ئەم هەموو ناشتنە فێری نەکردیت کە پاش ئەوەی دەمرین، پاش ئەوەی ئاگایی دەکوژێتەوە، ئیدی گرنگ نییە لاشەمان چی لێ دێت و لەکوێدا دەنێژرێین؟"، گشکیم پرسی. بەندا کە ئیدی کاری خۆی لە هەڵکەندندا تەواو کردبوو، کاری خۆی لە هەڵکەندنی گۆڕێکی چکۆلەدا، خاکەنازەکەی دانا و هەردوو دەستی بە ئاراستەی وەستای گۆڕهەڵکەندنەکەیدا درێژ کرد تا کفنەکەی لێ وەربگرێت، هاوکاتیش گوتی: "هەر ئەو ئەزموونی دە ساڵ گۆڕهەڵکەندنە لەگەڵ تۆدا، گەورەم، فێری کردم کە جەستە، کە لاشە، بەشە نەمرەکەی ئێمەیە. ئەم جەستەیە تاکە شوێنەواری منە لە جیهاندا، دەبێت دڵنیابم کە شوێنەوارەکەم پارێزراوە؛ ئەگەر جەستە بەشە نەمرەکە نەبوایە، ئەوە پاشاکان هەرگیز هێندە گرنگییان بە گۆڕ و مەزارەکانیان نەدەدا". گشکیم کفنەکەی بە لاشەکەی ناوییەوە ڕادەست کرد و بە پێکەنینەوە گوتی: "بەندا، بەم قسانەتەوە دەبوا شاگردی ئیمقوی فەیلەسووف بیت نەک من". بەندا لاشەکەی خستە چاڵەکەوە و بە خاکەناز گڵی بەسەردا دایەوە، پاشان هەردووکیان بەڕێ کەوتنەوە بەرەو پلیکانەکان، تا بچنەوە نهۆمی یەک و ئەگەر منداڵی تریان پێ ڕاسپێردرا، بیهێنن و بینێژن.

به قادرمەکاندا دەچنەوە خوارەوە، لەسەر پلیکانەکانی نهۆمی دووەم، لەناو ئاپۆرای ئەو دایکوباوکانەدا کە هاتوون منداڵەکانیان بنێژن، لەناو ئاپۆرای ئەو منداڵنێژانەدا کە منداڵی مردووی کاردایيان هێناوە تا بینێژن، کەسێکی نامۆ دەبینن. عەبایەکی سەراپا سپی کڵاوداری بەسەر شانەوەیە، عەباکە سەرتاقەدەم جەستەی داپۆشیوە. کاتێک پێشی دەکەون، دەبینن کە (ئیمقو)ی

فەیلەسووفە، وەک ئەوان بە پلیکانەکاندا دەچێتە خوار. ئەوان نازانن کە ئیمقو بەو عەبا سپییە بەشە بەقوڕبووەکانی جەستەی خۆی داپۆشیوە، نازانن کە ماوەی هەفتەیەکە چەند شوێنێکی جەستەی بووەتە قوڕ و ڕەق بووە، نازانن کە دەستی چەپ و بەشێکی ڕانی ڕاستی و گوێی چەپی و هەموو سنگی ئێستا وەک گۆزەیەکی قوڕینی بابلی وایە. نازانن کە لە نهۆمی سێیەم جێگەی یەک گۆڕ و یەک ناشتن ماوە و کەس پێی نەزانیوە، هەروەها ناشزانن کە بە درێژایی شەو ئیمقو لە بازنەی ناشتنی سێیەم خەریکی هەڵکەندنی گۆڕێکی گەورە بووە لەو جێگە نهێنییەدا، ئەو گۆڕەش کە بۆ مرۆڤێکی پێگەیشتووە هەڵکەندنەکەی لە هەڵکەندنی گۆڕی منداڵان سەختترە، نازانن کە پاش تەواوبوونی گۆڕەکە، پێچەوانەی گۆڕەکانی تری ئەو نەتەوەیە، کێلی بۆ داناوە و لەسەر کێلەکەی نووسیویەتی "ئیمقوی فەیلەسووف"، نازانن کە ئیمقوی شەکەت و هیلاک پاش تەواوبوون لە هەڵکەندن و کێلدانان، بەر لەوەی بچێتەوە نهۆمی یەکەم، لەوێ دانیشتووە و پشوویەکی داوە؛ نازانن کە پشوودانەکەی لێ بووە بە خەوتن، نازانن کە تا بەیانی لەناو ئەو ئۆقیانووسی گۆڕەی نهۆمی سێیەمدا خەوی لێ کەوتووە. وەک چۆن نازانن کە ئیمقو کەمێکی تر، لەڕێی خزمەتکارێکەوە، بانگ دەکرێتە لای سێ پاشاکەی سێ خێڵەکەی نەتەوەکەیان بۆ خستنەڕووی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی، ناشزانن کە ئیمقو لەسەر ئەو قسانەی لەبەردەم ئەواندا دەیکات، سزای مردنی بەسەردا دەدرێت، نازانن کە بڕیار دەدرێت سزاکە سبەینێ جێبەجێ بکرێت.

(٣)

سێ پاشاکە، لە باخەکەدا، هەریەک لەسەر عەرشی گەڕۆکی خۆی دانیشتبوو، لە تەنیشت هەریەکیشیانەوە شاژنی خۆی. ڕۆژ پتر بەرەو چێشتەنگاو دەچوو، ئیدی فەزای سەوز و ڕەنگاڵەی باخەکە لە جریوە خاڵی بووبووەوە، حەکیمەکان و سێ پاشاکە، بێدەنگ، مەلوول، لە چاوەڕوانی ئیمقوی فەیلەسووفدا، خۆیان بە نوێترین کاری هونەرمەندان و تازەترین گێڕانەوەی حیکایەتبێژان و وردترین وەسفی شاعیرەکانەوە سەرقاڵ کردبوو: حیکایەتخوانێک چیرۆکی شا (بەهالدینان)ی گێڕایەوە کاتێک لیلیتو دەکوژێت، ئیدی منداڵان لەلایەن ئەو جانەوەرەوە خوێنیان هەڵنامژرێت و هیچ دایک، یان باوکێک پێویست ناکات کووژەکە لە سەرووی جێخەوی منداڵەکانییەوە هەڵبواسێت؛ یەکێکی تر چیرۆکی شا زاموای گێڕایەوە کاتێک زمانێکی تازە دەدات بە شاعیران و چیرۆکبێژانی تا باسی جیهانی پێ بکەن؛ یەکێکی تریان باسی ئەو بەرەبەیانە پیرۆزەی کرد کە تێیدا ڕوحی شا ئاهورامان بۆ هەتاهەتایە لە چیایەکدا شینیان دەبێت و نەمریی سروشت بەدەست دەهێنێت، بەڵام پاشاکان لەبەردەم کۆی ئەم گێڕانەوانەدا هەستیان بە مەلەلێکی کوشندە دەکرد، هەروەک چۆن پەیکەر و میدالیا برۆنزی و قوڕینەکانی هیچ کام لە هونەرمەندەکانیش سەرنجی هیچ کام لە پاشاکانیان کێش نەکرد، هەروەک هۆنراوەی شاعیرەکانیش، کە ئەوانیش هیچ بایەخێکیان پێ نەدرا. مەسەلەکە ئەوە نەبوو کە شتێک لە هونەر و ئەدەبیاتی کاردادا مردبێت، بەڵکو زیاتر ئەوەبوو کە شتێک لە ڕوحی نەتەوەیی کاردادا مردبوو، شتێک لە هێز و ئەگەری مانەوەی کاردادا مردبوو، مێژوو لە نەتەوەی کاردادا مردبوو؛ ترسی بەردەوام نەبوونی بەرەی پاشاکان، ترسی بەردەوام نەبوونی سێ خێڵی پاشاکە، ڕێگربوو لە هەموو چەشەیەک و لە هەموو چێژێکی هونەریی و ئەدەبی.

لە دەروازەی مەزنی تاوەرەکەوە، ئیمقو، لەگەڵ ئەو خزمەتکارەدا کە ڕاسپێردرابوو بۆ لای پاشاکانی بەرێت، هاتە دەرەوە. ترسا هەتاوی پێش نیوەڕۆ شوێنە بەقوڕبووەکانی جەستەی ئاشکرا بکات، بۆیە مەحکەمتر عەبا سپییەکەی لەخۆی ئاڵاند، هەستی دەکرد لایەکی ملیشی هێدی هێدی ڕەق دەبێت و وەک قوڕێکی بە-تەندوور-سوورکراوەی لێ دێت، هەستی دەکرد، هێدی هێدی هەموو جەستەی دەبێتە گۆزەیەکی قوڕینی زەبەللاح؛ ئەو، هەفتەیەک لەوەوبەر، کاتێک بەهۆی چەند کابووسێکەوە پڕ لە تەپوتۆز و پڕ لە قوڕاو، لە جێخەوەکەیدا بێداربووبووەوە، هەستی بە هیچ شتێکی نامۆ نەکردبوو، بەڵام کاتێک بە چاوانی نووقاوەوە، ویستبووی بە دەستی چەپی ئارەقەی سەر تەوێڵی بسڕێت، ئەو ئارەقەیەی کە بەرهەمی مۆتەکە غوبارینەکانی بوو، هەستی بە قوڕێکی هێشتا-نەرمی سارد بەسەر ناوچەوانییەوە کردبوو، نەک لەپێک لە گۆشت و لە پێستی ئادەمی، بە درێژایی ئەو هەفتەیە، لەگەڵ بەقوڕبوونی یەک لە دوای یەکی ئەندامەکانی جەستەیدا، بە ژیریی فەیلەسووفانەوە کە ژیرییەکە

هەمیشە تەماهیکار لەگەڵ مەرگدا، تێگەیشتبوو کە ئەو وەک مرۆڤەکانی تر لەڕێی گۆڕێکەوە نابێت بە شوێن، بەڵکو وەک هەموو فەیلەسووفەکانی پێشینانی خۆی لەڕێی مردنێکەوە دەبێت بە یادگارییەک بۆ دنیابینی؛ هەر لەمەشەوە، تێگەیشتبوو کە لەبەردەم ئەم نەمانە پێشوەخت ڕاگەیەنراوەدا، نەرمی نواندن لەبەردەم پاشاکاندا بێ سوودە، وەک چۆن ڕاگەیاندن و باسکردنی ئەم دەردەشی لەو مەرگەساتی منداڵ مردنەدا بێهوودەیە. ئیمقو نزیکی دەروازەی باخی شاهانە بووەوە، چاوی بە شاعیرێک و شێوەکارێک کەوت کە بە ڕقەوە گفتوگۆیان بوو؛ کە بەلایاندا تێپەڕی، بەو گوێیەی کە هێشتا گۆشتە و نەبووەتە قوڕ، هەر هێندە فریاکەوت بژنەوێت کە شێوەکارەکە گوتی: "من ناچار نیم پەنا بۆ زمان بەرم تا وێنەی تێدا هەڵبکۆڵم، چونکە هونەرمەندم"، شاعیرەکەش وەڵامی دایەوە: "زمان دەروازەکانی خۆیت بۆ ناکاتەوە تا وێنەی تێدا هەڵبکۆڵیت، چونکە شاعیر نیت".

دواجار ئیمقو گەیشتە بەردەم سێ پاشاکەی، لە ڕوخساری هەرسێکیاندا بێزاری و بێ هیواییەک تا ڕادەی شێتبوون بەدی دەکرا، بۆیە ئیمقوش بێدەنگی و سستی هەرسێکیانی وەک نیشانەی مەترسی وەرگرت، بڕیاری دا بێ پێشەکی و پێچوپەنا دەست بە قسە بکات، کەس هیچی نەگوت، شا زاموا دەستێکی تا ئاستی سنگی بەرز کردەوە و دایبەزاندەوە، ئیمقو تێگەیشت کە ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ئەو، تا دەست پێ بکات:

"شا زاموا، ئەی شاهی بەرزەفڕ بە باڵێک لە زانیندۆستی و بە باڵێک لە خوایانەترین غوروور، ماوەی هەفتەیەک لەمەوبەر لە خەونێکتدا پرسیاری چییەتی ڕوحت لێ کرا، سەرەتا لەگەڵ شا (ئاهورامان)دا، شاهی مەشخەڵی کرداری باش و گوفتاری باش و بیری باش، ئەمەت باس کرد، دواتر لەگەڵ شا (بەهالدینان)دا، شاهی بەناوبانگ بە جەسارەت و بەناوبانگ بە جەربەزەترین تەبع، ئەمەت گفتوگۆکرد؛ پاش ئاگادارکردنەوەی ئەنجوومەنی حەکیمان، پرسیار لە من کرا. هەڵبەت هەر یەکێکی نەتەوەکەمان، لە پاسەوانە جەسوورەکانتەوە تا دەگات بە حەکیمە خەیاڵ بڵاوەکانت، لە هونەرمەند و شاعیر و حیکایەتبێژانتەوە تا جووتێر و شوان و پاککەرەوە و نۆکەرەکانت، دەزانن ڕوح چییە، بەڵام کاتێک پرسیار لە فەیلەسووفێک دەکرێت، یان کاتێک فەلسەفە پرسیارێک دەکات، ئەوە هەمیشە وەک زانایی خۆت دڵنیام درکی پێ دەکات، وەڵامی جیاواز دێتە ئاراوە. لەپاش ئەو شەرەفەوە کە پێم درا، لەسەر بنەمای ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر لەوح و هەڵکۆڵراوەکانی پێشینانم کردمن، بۆم دەرکەوت کە ڕوح هەوڵی بەرجەستەکردنی مەجهوولە لەناو زماندا".

پاش ئەم قسانەی ئیمقو، مەلەل بەسەر ڕوخساری سێ پاشاکەوە گۆڕابوو بە مۆنی. شا بەهالدینان، دەستی دایە گۆزەڵە قوڕینەکەی سەر خوانەکەی بەردەمی و قامیشە بچوکەکەی ناوی دەرهێنا و بە تووڕەییەوە هەڵیقوڕاند، بیرە بە لادەمیدا ڕووەو خوار ڕاڕەوی بەست و بە ملیدا دابەزی و سەرسنگی کراسە تا سەرئەژنۆ درێژەکەی تەڕ کرد؛ لە کولتووری ئەوسای کاردادا، ئەو بیرەیەی کە دیاریی (نینکاسی)ی خواژن بوو بۆ مرۆڤ، لەپێناو پاڵاوتنی خڵتەکەی ناویدا، بە قامیش دەخورایەوە. هێندە بە تووڕەیی و هێزەوە گۆزەڵەکەی دانایەوە، وەخت بوو بشکێت. نەیهێشت خزمەتکارەکان دەم و ملی بۆ بسڕن، بە تۆنێکەوە پڕ لە بێ سەبری گوتی: " لە مەترسییەکدا ترسناکتر لەو مەترسییانەی کە زۆر ترسناکن، لە ڕۆژگارێکدا کە مانەوەمان کز بووە، ئێمە چی لەم قسانە بکەین؟ سوودیان چییە؟".

"سەبارەت بە سوود، دەتوانم بڵێم سوودی فەلسەفە ئەوەیە کە خزمەت بە هیچ کەسێک ناکات شاهی من. سەبارەت بە کێشەش، دەتوانم بڵێم کێشە و فەلسەفە خوشک و برایەکن هەمیشە دەست لەناودەستی یەکتر، هەر بەم بیانووەشەوە ڕێ بەم فەیلەسووفە بچووک و کەمەی ناوەوەی خۆم دەدەم سەبارەت بە میحنەتی نەتەوەکەم بدوێت: ئێمە تووشی نەفرەتی گشتایەتی بووین، ئێمە تۆپەڵێکین کە بەرگەی تۆپەڵبوونی خۆی ناگرێت، گشت هەمیشە نەخۆشە! ئەوەی تووشی دەرد بووە منداڵدانی ڕەوانی ژنە کاردابییەکان نییە، ئەوەی تووشی دەردی کردووین، بۆشایی و کەلێنی نێوان سێ خێڵەکەی کاردایە. یەکگرتووییمان سەربەرزیمانە، بەڵام لە هەمان کاتدا مەرگیشمانە، لە هەمان کاتدا قڕبوونیشمانە. پێم وا نییە خەونەکەی شا زاموا پێوەندیی بەم نەفرەتەوە هەبێت، بەڵام تاکە چارەیەک بۆ وەستانی ئەم لەعنەتە، بەڕای من، هەڵوەشاندنەوەی کاردایە. دەبێت هەریەک لەم سێ خێڵە بە خەیاڵ و مێژووی بەرزی خۆیانەوە، بە پاشای جەسوور و شکۆداری

خـۆیانەوە، لە ڕۆژگـاردا بەرێی خـۆیاندا بڕۆن؛ دەبێت گشتایەتی کاردا بگۆڕینەوە بە مانەوەی خیلّی زاموا و خیلّی بەهالدینان و خیلّی ئاهورامان"، کاتێک ئیمقو وای گوت، لە ڕوخساری هەرسێ پاشاکەیدا مەرگی خۆی بینی، بەڵام ئامادە نەبوو مەرگ و فەلسەفە لەیەک دابڕێت، ئامادە نەبوو ڕاستگوتن بە مانەوە بگۆڕێتەوە، کەس هیچی نەگوت، سێ پاشاکە سەیرێکی یەکتریان کرد، شا زاموا، کە نائومێدی بەسەر ڕوخسارییەوە هاواری دەکرد، ڕستەیەکی بە گوێی خزمەتکارێکدا چرپاند، پاشان دوو پاسەوان هاتن و ئیمقویان بەرەو دەرەوەی باخەکە بەکێش کرد.

ئیمقو دەبرێتە زیندان، بڕیاری کوشتنی دەدەن، بە خیانەت تاوانبار دەکرێت، بڕیار دەدرێت جێبەجێکردنی کوشتنەکەی لە سبەینێدا بێت. ڕۆژەکە دوانیوەڕۆ و ئێوارەی خۆی تێدەپەڕێنێت. کاردا، وەک هەموو خۆرنشینێک، ئاژەڵەکانیان دەگرنەوە و دەچنەوە ناو تاوەرەکەیان، پەنجەرە و دەلاقەکانی نهۆمی یەکەم بە پەتۆ و بەڕە و لباد و پەردە دەگرن. تریفە تاوەری قاردا دادەپۆشێت، شەو خۆی بەسەر تاوەرەکە و دەشتەکەی چواردەوریدا دەدات، هەریەک لە سێ خێڵەکە بەلای ژیانی شەوانەی خۆیانەوە دەچن. وەک هەموو شەوەکانی تری ئەو دە ساڵە، هەر منداڵێک کە لەدایک دەبێت، یان ڕاستەوخۆ بە گۆڕهەڵکەنەکانی کاردادا دەنێردرێت بۆ ناشتن، یان ناشتنەکەی دوادەخرێت تا دەمی خۆرهەڵاتن.

(٤)

سبەی، لەگەڵ یەکەم باوێشکی بەیاندا، یەکەم منداڵی ئەو ڕۆژەیان برد تا لە نهۆمی پێنجەم بینێژن. کزەبایەکی فێنک، لەژێر ئاسمانی خەواڵووی ئەو بەیانییەدا، لەناو جریوەی باڵندە و تۆپەڵبوون و بڵاوبوونەوەی درەختەکان و هاتوچوونی مەرومالاّتدا باوەشی بە بەژنە پێنج نهۆمییەکەی تاوەری قاردودا کردبوو، هەتاوێکی تەنکیش سەوزایی دەشتەکە و غەمگینی بەردینی تاوەرەکەی لەناو فیقهی ڕەنگدا دەگێڕا بە بینین؛ وەک ئەوەی بەهار بە تۆنی هەرە بەرز خۆی بەناو جیهاندا بژەنێت.

لاشەی منداڵەکە، ڕاکشاو لەناو یەقینی کفنێکی سپیدا، لە ئامێزی گشکیمدا بوو، گشکیم کە لەپێش بەندای هاوکاریەوە بەو پلیکانە بەردینانەدا سەردەکەوت کە دەیبردنە نهۆمی دووەم؛ دەبوا لەوێشەوە، بە هەنگاونان بەسەر دوودڵییەکانی شوێندا بەرانبەر بە خۆی، کە لە فەرهەنگی شارستانیەتدا پێی دەگوترا قادرمە، سەربکەون تا نهۆمی پێنجەم، تا دوایین نهۆم، دوایین نهۆم کە دواگۆڕستانی بازنەیی نەتەوەی کاردایە و درێژترین دەستی زەمینە بەرەو ئاسمان. نهۆمی چوارەم، یان بازنەی ناشتنی چوارەم، هاوشێوەی بازنەی سێیەم و دووەم، چیدی ناتوانێت بە پێدانی فەزا لە ناشتنی منداڵەکانیاندا خزمەت بە کاردا بکات، لە ناشتنی ئەو مەلۆتکە کاردایییانەدا کە قوربانی نەفرەتێکن بە ڕادەیەک دۆزەخی، کە نە لە عیلمی هەڵکۆڵراوە بزمارییەکانی کارادادا بوونی هەیە و نە لە زانینی نووسراوە حیبریەکانیشیاندا تۆمارە، تەنانەت نە لەسەر هیچ تاتەقورێکی پێشینانی کاردا ناوی هاتووە و نە لەسەر هیچ تاتەقورێکی پاشینانی کارداش ناوی دێت.

بەڵام ئەو ڕۆژە ڕووداوێکی کەمێک جیاواز لە نهۆمی یەکەم، هێدی هێدی خۆی دەهێنایە پێش. پاسەوانێک لە دەرباری سێ پاشاکە دەرچوو، بەناو ڕاڕەوە شاهانەییەکاندا تێپەڕی کە هەموو بەردی بریقەدار بوون. بە ئەسپ و عەرەبانەوە ناوچەی دانیشتوانی تێپەڕاند و گەیشتە زیندانی قاردو، دەبوا ئیمقوی فەیلەسوف بەرێت بۆ مەیدانی سەرەکی و لەوێ تیرباران بکرێت. سڵاوی لە پاسەوانە خەواڵووەکانی زیندان کرد، یەکیان بە ڕاڕەوە تاریکەکاندا تا زیندانەکەی ئیمقو پێشی کەوت. دەرگا تەختەییە بێ پەنجەرەکەی زیندانەکەی بۆ کردەوە، دەرگاکە تەواو کەوتە سەر پشت، بەڵام ئەوەی بینیان تەنیا جلە سپییەکانی ئیمقو بوو لەگەڵ لەوحێکی قوڕینی ئەستوور لە قەبارەی زەلامێکدا، لەژێر ئەو ڕووناکییە بەهارییەدا کە لە پەنجەرەی بچووکی بنمیچی زیندانەکەوە دەهاتە ژوورەوە، لەسەر پشت دانرابوو. پاسەوانەکە دەگەڕێتەوە و هەواڵەکە دەدات بە سێ پاشاکە، هەموو پاسەوان و کارمەندەکانی زیندان، بە تۆمەتی یارمەتیدانی (ئیمقو)ەوە لە هەڵاتندا، لە مەیدانی سەرەکی شار و لەناو لەدایکبوونی بێ کۆتای منداڵە مردووەکانی کاردادا، تیرباران دەکرێن. گەران و سۆراغێکی زۆر بۆ ئیمقو دەکرێت، بەڵام تاکە شتێک کە بە هەند وەرناگیرێت، ئەم نووسینەیە کە لەسەر لەوحەکە هەڵکۆڵراوە:

**"ڕوح بەرجەستەکردنی مەجهوولە لە زماندا،**
**گۆڕ مرۆڤە ئەو کاتەی دەبێتە شوێن،**
**ئەم قوڕەش بەرجەستەبوونی منە لە مێژوودا."**